گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# چەمکی لۆجیك و دەرکەوتنی پێش ئەرستۆ

**د. حەمید عەزیز**
بەشی فەلسەفە, کۆلێژی ئەدەبیات , زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Rediyarabdulrehman@gmail.com

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە**
**وەرگرتن:** ٢٠٢١/٧/٢٠
**پەسەندکردن:** ٢٠٢١/٨/٢٥
**بڵاو کردنەوە:** پاییزی ٢٠٢١

**ووشە سەرەکییەکان**
*Logic, Basics of Formal Logics, Symbols, Philosophy, Classical Logic*

Doi:
10.25212/lfu.qzj.6.4.02

## پوختە

توێژینەوەکەمان دەربارەی لۆجیکی ڕوخسارەکی ئەرستۆ، لە پێشەکییەك و چوار تەوەر و ئەنجامێك پێکهاتووە، کە هەوڵمانداوە لە پێشەکیدا دەروازەیەك بۆ بابەتەکە بکەینەوەو لایەنە جیاوازەکانی ڕوونبکەینەوە دواتر هەنگاومان ناوە بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکە بەپێی بەشەکان بەم جۆرەی خوارەوە:

تەوەری یەکەممان تەرخانکردووە بۆ واتاو سەرەتاکانی پەیدابوونی لۆجیك کە خۆی لە چوار تەوەرپێکهاتووە. لە تەوەری یەکەمدا واتاو ڕەهەندەکانی وشەی لۆجیکمان تاوێکردووەو ڕەهەندە جیاوازەکانیمان ڕوونکردوونەتەوە. لە تەوەری دووەمدا هەوڵمانداوە پەیوەندی نێوان لۆجیك و فەلسەفە تاوتوێ بکەین و لۆجیکمان وەك بەشێکی سەرەکی و دانەبڕاو لە فەلسەفە هەژمار کردووە. لە تەوەری سێیەمدا پەیوەندی نێوان لۆجیك و زانستمان تاوێکردووە، جیاوازی بۆچوونە جیاوازەکانمان ڕوونکردۆتەوە. لە تەوەری چوارەمدا سەرنجی ڕەهەندی مێژوویمان داوەو ئەو لایەنەمان تاوێکردووەو گەڕاوینەتەوە بۆ سەردەمی پێش ئەرستۆ، لەوێدا هەر یەکە لە پارمەنیدس، هیراکلیتس، سوکرات و ئەفلاتونمان وەرگرتون و بۆچوون و زهنی ئەوانمان لەبارەی لۆجیك تاوتوێ کردووە.

تەوەری دووەممان تەرخانکردووە بۆ جەوهەری بابەتەکە کە بریتیە لە لۆجیکی ڕوخسارەکی ئەرستۆ، ئەم بەشە لە پێنج تەوەر پێکهاتووە. لە تەوەری یەکەمدا دەستەواژەو جۆرەکانی تاوتوێ کراون و جیاوازیەکانیان

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕوونکراونەتەوە، هەروەها لە تەوەری دووەمدا ئاوڕمان لە بابەتی کاتیگۆریەکان داوەتەوە، هەر دە جۆری کاتیگۆرییەکانمان شیکردونەتەوەو نمونەمان بۆیان هێناوەتەوە. لە تەوەری سییەمدا بابەتی پێنج هەمەکییەکانمان خستۆتە بەر باس و هەوڵمانداوە بۆ ئەم بابەتە بە پلەی یکەم بگەڕێینەوە بۆ خودی ئیساگۆگی فۆرفۆریوس و بە نمونەمان هێناوەتەوە. لە تەوەری چوارەمدا بابەتی "پێوانە"مان تاوتوێکردووەو جۆرە جیاوازەکانیمان بە نمونەوە شیکردوونەتەوە

لە تەوەری سێیەمدا لۆجیك و واتاکانیمان لە دوای ئەرستۆ ڕوونکردونەتەوە کە لە سێ تەوەر پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا سەرەنجی بۆچوونی ڕەواقیەکانمان داوەو لە تەوەری دووەمدا بابەتی لۆجیکمان لە سەدەکانی ناوەڕاست تاوێکردووە

## پێشەکی

### 1-1 چوارچێوەی توێژینەوە - ڕەهەندەکانی توێژینەوە

بابەتی توێژینەوەکەمان بریتیە لە لۆجیکی ڕوخسارەکی، کە لە ڕاستیدا دەستپێك و بونیادی ئەم بابەتە گرنگە دەگەڕێتەوە بۆ ئەرستۆ تالیس گەورە فەیلەسوفی یۆنانی، بۆیە لەچوارچێوەی توێژینەوەکەماندا ئەرستۆ وەکو نمونە وەردەگرین، بۆیە پەیوەست ئەبین بە گرتنەبەری ڕەهەندی مێژوویانەو ئەگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی فەلسەفەی یۆنانی و ئەم بابەتە تاوتوێ ئەکەین و لەم میانەیەدا سەرنجی بەرهەمەکانی ئەرستۆ تالیس ئەدەین.

کاتێك باس لە لۆجیك ئەکرێت، وەك بابەتێکی ئاڵۆزو جێگای پرسیار لێکدەدرێتەوەو زۆربەی خەڵك لێی ئەسڵەمنەوە، بەڵام ئێمە لێرەدا دەپرسین، هۆکاری ئەم بابەتە ئەگەڕێتەوە بۆ ئاڵۆزی و سەختی بابەتی لۆجیك لەڕووی تێگەیشتن و لێکدانەوە؟ یاخود لۆجیك دەرگیرە لەگەڵ فاکت و هەقیقەتی لە ئارادابوو و زۆربەی مرۆڤەکانیش نایانەوێ ڕوو لە هەقیقەت بکەن، بەڵکو پتر بە هەوەس و بە پێوەری هەستەکانیان گفت و کردارەکانیان ئەنجام ئەدەن؟

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە سەرنجدانمان لەمێژووی مرۆڤایەتی، بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە مرۆڤ لەم جیهانە فرە ڕەنگەدا تاکە بوونەوەرە کە هۆشیاری و ژیری و هەروەها توانای قسەکردنی هەیە، ئەمەش بە واتای سەرنجدان، بیرکردنەوە، لێکدانەوە، بەراورد و جیاکردنەوە. لە هەموو ئەمانەوە بنەماکانی لۆجیك و بیرکردنەوە هاتونەتە ئاراوەو بوونەتە کۆمەڵێك یاساو ڕێساو مرۆڤ پەیڕەویان لێدەکات، کە ئەمە بە درێژایی مێژوو و بەپێی ئەزموون و ژیانی مرۆڤ و بەرکەوتنی لەگەڵ خودی خۆیی و جیهانی دەورووبەریدا گۆڕانیان بەسەردا هاتووەو بەردەوام لە گەشەو بەرەوپێچووندا بوونە هەتاوەکو گەیشتووە بەم قۆناغەی ئێستای ژیانی مرۆڤایەتی کە نمونەی پێشکەوتن و داهێنانە. ئەمەش بەو واتایەی کە هۆکاری سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی مرۆڤ، تا ئەو ئاستەی بوەتە فەرمانڕەوای جیهان و هەموو بونەوەرەکان، ئەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنان و بەرەوپێشبردنی بنەماکانی لۆجیك و لێکدانەوە. نمونەشمان بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئەم بەرەوپێچوونە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازی هەیە، بۆ نمونە لە هەندێك لە کۆمەڵگاکان بەهۆی پشتگوێ خستنی لۆجیك یان بە گرنگ دانەنانی لۆجیك و پتر پشت بەستن بە بیرکردنەوەی کولتووری خێڵەکی و ئاییني و خورافات، ئەم کۆمەڵگایانە لە ڕەوشێکی داخراو و چەقبەستوودان و ژیانێکی سەرەتایی و پڕ کێشە ئەژن، بە پێچەوانەوە کۆمەڵگا خۆرئاواییەکان بە پەیڕەویکردن لە بیرکردنەوەی لۆجیکی بەردەوام لە داهێنان و ژیانێکی سیستەماتیك و خۆشگوزەرانیان بۆ خۆیان بونیاد ناوە کە لە هەموو سێکتەر و لایەنەکانی ژیانیاندا ڕەنگیداوەتەوە.

ئەمە بە واتای ئەوە نیە کە هەندێك لە مرۆڤەکان بێ بەش بن لە بیرکردنەوەی لۆجیکی، بەپێچەوانەوە هەموو مرۆڤێك (جگە لە کەسانێك کە بە هەر هۆکارێك بێت لایەنی دەروونی و عەقڵیان ناجێگیرو ناتەواوە) خاوەنی بیرکردنەوەی لۆجیك و توانای لێکدانەوەو بەراوردکردن و جیاکردنەوەی هەیە، بەڵام جیاوازی بڕی ئەو توانایە ئەگەڕێتەوە بۆ ڕەوشی ژیانی مرۆڤەکان و ڕەوشی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و پەروەردەیی کۆمەڵگاکان، بۆ نمونە کۆمەڵگایەك کە بەردەوام لە شەڕو ململانێ و هەژاریدا بێت، لە هەموو ڕوویەکەوە ڕووبەڕووی داڕمان و وێرانبوون ئەبێتەوە، ئەمەش کاریگەری نەرێی لەسەر توانای گەشەی بیرکردنەوەی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە دروست دەکات.

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین ئاوڕ لەم بابەتە گرنگە بدەینەوەو تاوتوێی بکەین:

**((ئایا لۆجیك بابەتێکە لە سروشتی مرۆڤدا بەشێوەیەکی خۆرسك و زگماك هەیە، یاخود شتێکە لەلایەن کەسانی تر یان لە ئەزموونی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیدا مرۆڤ پێی دەگات و وەریدەگرێت؟ ئایا گرنگی و بەهای لۆجیك چیە کە بەم جۆرە بایەخدارەو وەك بەبەهاترین خەسڵەتی بوونی مرۆیی دێتە هەژمار کردن؟ لۆجیك بابەتێکی واقیعیەو پەیوەستە بە ژیان و بوونی تاکەکەسەوە یان تەنیا هەر چەند بیرۆکە و چەمکێکی ئەبستراکتەو بوونێکی واقیعی یان کاریگەرییەکی واقیعی لەسەر ژیانی تاك و مرۆڤایەتی بە گشتی نیە؟))** هەوڵدەدەین بەگشتی بابەتی لۆجیکی ڕووخسارەکی لە پەیوەندیدا بە ئەرستۆوە تاوتوێ بکەین و وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە. ئەمەش بە پشت بەستن بە کۆمەڵێك سەرچاوەی دیارو دانپێدانراوی ئەم بوارە.

لە پەیوەندیدا بە توێژینەوەکەمانەوە ئاماژە بە چەند خاڵێکی پێویست ئەدەین:

**یەکەم: هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:** توێژینەوە بابەتێکە تێیدا پەیڕەوی لە کۆمەڵێك بنەما ئەکرێت، یەکێك لە خاڵە سەرەکییەکان تێیدا بریتیە لە دیاریکردنی بابەتی توێژینەوە، بێگومان هەموو توێژەرێك هۆکاری خۆی هەیە کە هاندەرە بۆ هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە. ئێمە لێرەدا ئاماژە دوو هۆکار ئەکەین:

**-هۆکاری خودی:** من وەك توێژەری ئەم بابەتە، پاڵنەرێکی خودیانەی خۆم هەبووە بۆ هەڵبژاردنی بابەتی لۆجیك، بە واتایەکی تر، ویست و پاڵنەری خودیم هۆکارێك بووە بۆ بڕیاردانم لەسەر دیاریکردنی بابەتی لۆجیك و ئەنجامدانی توێژینەوە لەم بوارەدا.بەواتایەکی تر تێرامان و بیرکردنەوەکانم و شەیدایم بو بابەتەکانی رۆشنفکری وقوڵبوونەوە لەوورد و درشتەکانی بابەتەکان پاڵنەری سەرەکی بوون کەئەمەش لەفەلسەفە و باشتر لە لۆجیك بەدی دەکرێت.

**-هۆکاری بابەتی:** لایەنی بابەتی بەوە ڕووندەکەینەوە، کە بێگومان، لۆجیك خۆی بابەتێکی گرنگ و جێی بایەخە، ئینجا بە ئاوڕدانەوەمان لە بابەتی لۆجیك لە زمانی کوردیدا ئەبینین جگە لە چەند کارێك (کە هیچیان تێزی ماستەرو دکتۆرانین)، بەشێوەیەکی فراوان کار لەم بوارەدا نەکراوە، بۆیە خودی بابەتی لۆجیك و پێویستی ئەم بابەتە بۆ زمانی کوردی و ئاشنابوونی کتێبخانەو زمانی کوردی بەم بابەتە هاندەر بووە بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم: میتۆدی توێژینەوە:** میتۆد بە واتای ڕێگاو شێوازێك کە وەکو چرایەك ڕێگای گەیشتن بە خاڵی مەبەست ڕووناك دەکاتەوە، بۆیە هەر توێژەرێك لە هەر بوارێکدا کار بکات، پێویستی بە میتۆدێکی دیاریکراو هەیە، کە یارمەتیدەری بێت بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی دروست لەسەر توێژینەوەکەی. ئێمە لەم بابەتەدا هەوڵدەدەین، هەر میتۆدی **شیکاریی و بەراوردکاریی** بگرینەبەر، شیکاریی بەو واتایەی کە بابەتەکە شیدەکەینەوەو لایەنە جیاواز و هەمە ڕەنگەکانی تاوتوێ دەکەین، هەروەها بەراوردکاریی بەو واتایەی کە ئەم بابەتە ڕەگ و ڕیشەی فراوان و دێرینی هەیەو بەپێی قۆناغەکان و گەشەکردنەکەی بەراودی ئەکەین. واتە بەراووردکار لەگەڵ پێش و پاش خۆی سوقرات و هیراقلیتس و ....هتد.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە کە:

1. بە زمانی کوردی لایەنە جیاوازو فرە ڕەنگەکانی لۆجیکی ڕوخسارەکی لێکبدەینەوەو ئەم لایەنە گرنگەی فەلسەفەی ئەرستۆ تاوتوێ بکەین و بۆشاییەك لە کتێبخانەی کوردی پڕ بکەینەوەو خوێنەری کورد بە لایەن و ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەم بابەتە ئاشنا بکەین.
2. ئامانجمان ئەوەیە کە وەك دەستپێکی کاری ئەکادیمی لە زمانی کوردیدا ئاوڕ لە بابەتی لۆجیك بدەینەوە، کە ئەتوانین بڵێین پێشتر وەك کاری ئەکادیمی ماستەرو دکتۆرا لەم بوارەدا بە زمانی کوردی توێژینەوەیەکمان بەرچاو ناکەوێت.

**چوارەم: گرنگی ئەم بابەتە:** بێگومان بابەتی توێژینەوە گرنگیەکەی لە خۆیدا هەڵدەگرێت، بەو واتایەی کە پێویستە ئەو بابەتە شایەن و پێویست بێت بۆ توێژینەوە، ئنجا وەك ئاماژەمان پێدا بابەتی لۆجیك گرنگەو زۆر بە کەمی لە زمانی کوردیدا کاری لەسەر کراوە، ئەمەش وایکردووە، بابەتەکەمان گرنگی خۆی پەیدا بکات و ببێتە جێگای سەرنج و کارکردنی ئێمە.

**پێنجەم: گریمانەی توێژینەوە:** هەموو توێژینەوەیەك پێویستی بەوەیە لەسەر گریمانەیەك یان چەند گریمانەیەك کار بکات و بەرەو پێشەوە بڕوات، ئێمە لێرەدا گریمانەکەمان بەشێوەی پرسیار پێشکەش دەکەین: **(( لۆجیك بە گرنگترین بەرهەمی بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی دادەنرێت، لەم چوارچێوەیەدا ئەرستۆ بنەماکانی لۆجیکی ڕوخسارەکی دادەڕێژێت، ئایا ئەم بنەمایانە هۆکاربوون بۆ گۆڕانی ژیانی مرۆڤایەتی و پێشکەوتنەکان؟ ئایا ئەم بنەمایانە دوورن لە گۆڕان؟ ئەگەر ئەو بنەمایانە**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ئەوەندە بەهێزن، بنەمای ڕەخنەکانی ڕابەرانی لۆجیکی نوێ و لۆجیکی سەردەم لەسەر لۆجیکی ئەرستۆ لە چیدایەو سەرچاوەیان چیە؟)).**

**شەشەم: گرفتی ئەم توێژینەوەیە:** ئەوەی وەکو گرفت بمانەوێ ئاماژەی پێبدەین، تەنیا ئەو خاڵەیە کە بە زمانی کوردی و تەنانەت بە زمانەکانی تریش بەو شێوە فراوانە سەرچاوەی پێویست بەر دەست نیە، بۆیە دەستکەوتنی سەرچاوە لەم بوارەدا ئەرکێکی گران بووە، بەڵام ویستی بەهێزمان بۆ کارکردن و توێژینەوە لەسەر بابەتی لۆجیك وایکرد بەردەوام بین و لەم لایەنەشدا شوێن دەستی سەرپەرشتیاری بەرێزم ڕوون و ئاشکرایە.

**حەوتەم: توێژینەوەی پێشووتر:** دەربارەی ئەم خاڵە ئەتوانین ئاماژە بەوە بکەین، کە هیچ جۆرە توێژینەوەیەکی ماستەرو دکتۆرا لەم بوارەدا بە زمانی کوردی ئەنجام نەدراون، بەڵام وەکو کتێب و وتار هەندێك کاری بەپێز کراون، کە بێگومان لەم بوارەدا دەبێت پێش هەموو کەسێك ئاماژە بە ناوی پ.د.حەمید عەزیز مامۆستاو پسپۆڕی بواری فەلسەفە بکرێت، کە ئاشنایانی بواری فەلسەفە لە زمانی کوردیدا هەمووان لەسەر ئەو خاڵە کۆکن کە جەنابی پرۆفیسۆر لە هەموو لایەنەکانی بواری فەلسەفەدا ڕۆڵی یەکەمی هەیە، کە هیچ بوارێکی فەلسەفە نیە کاری تێدا نەکردبێت و وتارو کتێبی لەبارەیەوە نەبێت. بێگومان لۆجیك بە هەموو قۆناغەکانیەوە یەکێکە لەم بوارانە کە پ.د.حەمید عەزیز کاری لەسەری کردووە، هەم بە نوسین هەم بە کاری وەرگێڕان. بۆ نمونە کتێبی ( لۆجیکی ئەرستۆ-نوسین، لۆجیك دوێنێ و ئەمڕۆ-نوسین، بنەماکانی فەلسەفەی شیکردنەوەی مەنتقی-نوسین، تراکتاتۆس-وەرگێران.) ئەمە جگە لە چەندین وتار لەم بارەیەوە کە لە گۆڤارە جیاوازەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە. لەلایەکی ترەوە ئەکرێت ئاماژە بکەین بە مامۆستای بواری فەلسەفە د.محەمەد کەمال کە کتێبێکی تایبەتی داناوە لەژێر ناونیشانی (لۆجیکی هیگڵ)، هەروەها پ.د.حەسەن حسێن سدیق، کتێبێکی داناوە لەژێر ناونیشانی (لۆجیکی فۆرماڵ). بێگومان پشت بەم بەرهەمانە ئەبەستین و بۆ توێژینەوەکەمان سودیان لێوەرئەگرین.

## تەوەری یەکەم: واتاو سەرەتاکانی پەیدابوونی لۆجیك

تەوەرەی یەکەم: واتاو چەمکی لۆجیك

لۆجیك لقێکی سەرەکی فەلسەفەیە، هەروەها لەچوارچێوەی مێژووی فەلسەفەدا کۆمەڵێك ڕێبازو ڕەوتی جیاجیای لۆجیکی پەیدابوون و ڕۆڵ و کاریگەریان لەم بوارەدا هەبووە، بەڵام لەڕووی بنەماییەوە یان مێژووییەوە لۆجیکی کلاسیك-روخسارەکی نمونە سەرەتاییەکەیە، کە بە هەنگاوی یەکەمی پەیدابوون و فۆرمەلەبوونی بابەتی لۆجیك هەژمار دەکرێت، کە بێگومان بە سیستەمکردن و ڕێکخستنی یاساکانی لۆجیك لەلایەن گەورە فەیلەسوفی یۆنانی ئەرستۆ ئەنجامدراوە، واتا پێش ئەرستۆ لە فەلسەفەی یۆنانیدا بابەتی لۆجیك لە بیرکردنەوەو تێکستەکانی فەیلەسوفەکاندا بوونی هەبووە، بەڵام سیستەماتیك و ڕێکنەخراوە، بۆیە ئەرستۆ بە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە نازناوی مامۆستای یەکەمی وەرگرتووە.

لەبارەی بنەمای وشەکەوە ئەتوانین بڵێین: ((لۆجیك (المنطق) لە زمانی عەرەبیدا لە وشەی (نطق) ئاخاوتن داتاشراوە، کە وەرگێرانێکی وشەیی (حرف)ی وشەی یۆنانی لۆگۆسە، کە بە واتای قسەکردن دێت، هەروەها لە بنەڕەتدا وشەی لۆگۆس لە وشەیەکی ترەوە داتاشراوە، کە بە واتای ژیرو هزر هاتووە.)) (بدوی، 1980، ص 473)، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە خەسڵەتی هزرو زمان دوو خەسڵەتن راستەوخۆ پەیوەندیدارن بە بوونی مرۆڤەوەو لێی جیاناکرێنەوە، لەلایەکی ترەوە ((ئەوە لۆجیکە کە لە ڕاستی و دروستی و هەروەها هەڵەو کەموکوڕیەکانی هزر دەکۆڵێتەوە، حوکم و بڕیارەکانی ژێر لە کەوتنە هەڵە دەپارێزێت.)) ( صليبا، 1982، ص 428). یاخود، ((لۆژیك ئامانجی دانانی کۆمەڵێك بنچینە و یاسایە کە بیرکردنەوە بەگوێرەی بڕوات بەڕێوە، چونکە چاودێریکردنەکانی عەقڵ بەدوور دەگرێ لە کەوتنە ناو هەڵە و ساتمەکردنەوە (سەهوکردن)، لۆژیك لەناو بیرکردنەوەدا سۆراغ دەکات لەو ڕووەوەی کە ئەو بیرکردنەوەیە دروستە یان هەڵەیە - واتە مەودای پەیوستبوونی بە پێوەرەکان و یاساکانەوە یان پەیوەستنەبوون پێیانەوە، و ئەوەشی لە بیرکردنەوەدا مەبەستییەتی (وێنەکەی) یان (شێوەکەی)یەتی بەبێ (مادەکەی) یان (بابەتەکەی). لێرەشدا یاساکانی لۆژیك گشتی و ڕەهان، گرێدراوی بابەتێکی دیاریکراو لە بابەتەکانی زانین نین.)) (عبدولجبار، 2010، ل 125) بەپێی ئەم تێکستانەی سەرەوە ڕۆڵی لۆجیك بریتیە لە حوکم (بڕیار) لەنێوان هزرو زماندا، چونکە ئەوەی لە هزردا هەیەو فۆرمەلە دەبێت، دواتر لە ڕێگای زمانەوە لەشێوەی گوزارەو بڕیار دێتە بوون و بەهۆی یاساکانی بیکردنەوەی لۆجیکەوە ڕاستی و چەوتیەکەی لەیەکتری جیادەکەینەوە، واتا (مرۆڤ بوونەوەرێکی ژیرە، بیر دەکاتەوە، هیوا و مەبەست و ئاوات و ئامانجی تایبەتی دیارو دەستنیشانکراوی هەیە. ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاوات و ئامانجانە لە دەفرێکدا، لە چوارچێوەیەکدا ڕێکوپێك دەکرێن و دادەڕێژرێن، ئەو چوارچێوەیە بیرە ( مێشك)ە، کە لەلای خۆیەوە تایبەتمەندی بەرچاو و سەرنج ڕاکێشی هەیە، ئەویش هەست و نەست و ناخی دەروون تۆمار دەکات، ئەو کەرەستە تۆمار کراوە لەلای خۆیەوە پێویستی بە ئامرازێك هەیە، کە بەهۆیەوە ناوەرۆکی تۆمار کراوی بیر (هزر) دەربرڕێ. ئەو ئامرازە زمانی مرۆڤە. بیرو زمان دوو بابەت و چالاکی ژیرەکی مرۆڤن، توندوتۆڵ بەیەکەوە بەستراونەتەوە، تەنیا بۆ مەبەستی زانستی ( توێژینەوە و لێکۆڵینەوە) نەبێ وا بەسوك و ئاسانی دانابڕێن و لەیەکتری جیاناکرێنەوە. ئەگەر بیرکردنەوە چالاکی پرۆسەیەکی نامادی – گیانی بێت ئامانج و ڕاز و نیازی مرۆڤ لە دەفرێکی دیاریکراودا دابرێژێ، ئەوا زمان لەلای خۆیەوە ئەو ئامرازە ئاڵۆز و ئەفسانەیی و سەرسوڕهێنەرەیە کە ناوەرۆکی پرۆسەی چالاکی بیر بەشێوازی تایبەتی، بە دەنگ و شێوازی پێشییانە بڕیار لەسەردراو دەردەبڕێ. زمان ئامرازێکی دەربڕین و لەیەکتری گەیشتن و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و هەست و نەستە. بیر چالاکیەکە بەپێی بنەماو ڕێساو ڕێ و شوێنی تایبەتی و قانوونی تایبەت بەخۆی کاراو چالاکە. زمان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکەی سروشت و پێکهاتەی مرۆڤ پێی بەخشیووە، لەو ئەرکەیدا پەیرەوی ڕێوشوێنی تایبەتی دەکات، کە بەتێکڕایی سەرجەمی کۆیی بابەتێك پێکدەهێنن، لە زمانی کوردیدا وشەی ڕێزمانی بۆ دانراوە.) (عەزیز، 2009، ل 8). لەم تێکستەوە دەگەین بەو ئەنجامەی کە لۆجیك خەسڵەت و تایبەتمەندیەکە تایبەت بە مرۆڤ، هیچ بوونەوەرێکی تر ئەو خەسڵەتی نیە، ئەمە بەو واتایەی کە جگە لە مرۆڤ هیچ بوونەوەرێك نیە خاوەنی هەردوو خەسڵەتی ژیری و زمان بێت یاخود بیرکردنەوەو زمان بێت، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئەگەر سەرنجی لاپەرەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بدەین، بە تایبەتی مێژووی تۆمارکراو بۆمان ڕووندەبێتەوە کە مرۆڤ لە قۆناغە سەرەتاییەکانی مێژووەوە هەتاوەکو گەیشتووە بە سەردەمی ئێستای کە سەردەمی سەرمایەداری و تەکنەلۆجیاو دوا قۆناغی پێشکەوتنی مرۆڤە، هەمووی بەهۆی ژیری و لۆجیك بووەو لەم نێوەندەشدا زمان پشکی شێری بەردەکەوێ، چونکە بەهۆی زمانەوە مرۆڤ بیروبۆچوونەکانی دەردەبڕێ و گفتوگۆ دەکات و لەنێوان تاکەکاندا ئاڵوگۆڕی بیروڕایەکان دەکرێت، ئەمەش ئەبێتە هۆکاری دەوڵەمەندبوون و بەرەو پێشچوونی هزری مرۆڤ و بەردەوام دەبێت لە گۆڕان و گواستنەوەی پێشکەوتنەکان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، بۆیە ئەبینین، کۆمەڵگەیەك کە شارستانی بێت و بواری بیرو ڕای جیاوازو فرەیی تێدا بێت، زیاتر لە گەشەدایە ئیتر ئەم گەشەیە هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە، بەڵام لە کۆمەڵگا داخراو و نەریتی و

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دینیەكاندا ئەم بوارە نیە، بۆیە بیركردنەوەی لۆجیكیش بوونی نیەو لە شوێنیدا خورافیات و بیركردنەوەی كۆنەپارێزانە فەرمانڕەوایە.

بە سەرنجدان لە سەرچاوەكانی بواری لۆجیك، لە كۆنەوە تا نوێترین سەرچاوەكان، ئەم گوزارەیە دووبارە دەبێتەوە، كە دەڵێت: لۆجیك دیسپلینی بیركردنەوەیەو بیركردنەوەمان ئەپارێزێت لە هەڵە. بەڵام بێگومان ئەمە بۆ هەموو مرۆڤێك وەك یەك نیەو بەهەمان رێژە نیە، بە واتایەكی تر، بە مەبەستی ئەوەی كە لۆجیك ببێتە ئامرازێك بۆ پاراستنی بیركردنەوەمان لە هەڵە، یان ببێتە هۆكارێك بۆ ئەوەی بەردەوام بڕیاری ڕاست بدەین، پێویستیمان بە ڕاهێنان و جۆرێك لە مەشقكردنە بە ژیری و بیركردنەوەمان، چونكە لە ڕاستیدا مێشك و ژیری ئێمەی مرۆڤ یاساكانی لۆجیكی لە خۆیدا هەڵگرتووە، بەڵام ئەم یاسایانە بە ڕاهێنان و مەشق پتر چالاك ئەبن و توانای لەیەكتری جیاكردنەوەی بڕیاری ڕاست و هەڵەیان ئەبێت، بۆیە كاتێك كەسێك بەشێوەیەكی لۆجیكی بیردەكاتەوە، واتای ئەوە دەگەیەنێت ئەو كەسە بەردەوام ڕاهێنان و مەشق بە ژیری و بیركردنەوەی دەكات و چالاكی بە یاساكانی لۆجیك لە مێشك و بیركردنەوەیدا دەبەخشێت، ئەمەش دەبێتە هۆكاری سەرەكی بۆ ئەوەی ئەو مرۆڤە لە خاڵێكدا نەوەستێت و بەردەوام بێت لە گەشەو بەرەوپێشچوون لە قۆناغێكەوە بۆ قۆناغێكی تر.

## تەوەری دووەم: لۆجیك وەك بەشێكی دانەبڕاو لە فەلسەفە

بابەتی لۆجیك و فەلسەفە توندوتۆڵ بەیەكەوە بەستراونەتەوە، واتا ناكرێت ئەم دوو بابەتە لەیەكتری جیابكرێنەوە، یاخود ئەكرێت بڵێین، لۆجیك بۆ خۆی بناغەی فەلسەفەیە، هەروەها فەلسەفە بەبێ لۆجیك و پێوەرەكانی، یەكسانە بە شێوازی بیركردنەوەكانی پێش خۆی كە بریتین لە شێوازی بیركردنەوەی ئەفسانەیی، شیعریی و ئایینی، چونكە فەلسەفە جیاواز لەم شێوازانەی بیركردنەوەی مرۆڤ، خاوەنی میتۆدو پێوەری تایبەتی خۆیەتی و بەم میتۆدە تایبەتە لێكدانەوەو لێكۆڵینەوە بۆ بابەتەكان دەكات و ڕاستی و چەوتیان بە لایەیەكدا دەخات، ئەم میتۆدە لە لۆجیك بەو لاوە شتێكی تر نیە، واتا خەسڵەتی جیاكەرەوەی فەلسەفە لە شێوە بیركردنەوەكانی پێش خۆی بریتیە لە لۆجیك. لەلایەكی ترەوە دەكرێت بگوترێت، وشەی فەلسەفە لە دوو بەش پێكهاتووە: ((فیلۆ Philo بە واتای حەزكردن، سۆفیا Sophy بە واتای دانایی، كەوابوو وشەكە بە هەردوو كەرتیەوە واتای حەزكردن لە

دانایی دەبەخشێ.)) (عەزیز، 2008، ل 19). ئینجا لەم ڕەهەندەوە ئەتوانین بڵێین، لۆجیك دەكرێت وا وێنا بكرێت كە بریتیە لە لێكۆڵینەوەو تاوتوێكردن و هەڵسەنگاندن یاخود فۆرمەلەكردن و ڕێكخستنی ئەم ویستە بۆ دانایی یاخود لێكۆڵینەوەكردن لە بنەماكانی ژیریی و دانایی و ئاراستەكردنیان بەرەو باشترین لێكدانەوە یاخود بە دوورگرتنیان لە بڕیاری هەڵە. (تێگەیشتن لە فەلسەفە بەبێ زانستی لۆجیك كارێكی ئاسان نیە، چونكە فەلسەفە هزرینە لە سەرجەم بابەتەكانی بوون-گەردوون-مرۆڤ، ئەركی لۆجیكیش بریتیە لە پاراستنی عەقڵی مرۆڤ بۆ ئەوەی توشی هەڵە نەبێ، بە تایبەت هەڵەی هزری، بۆیە بەبێ لۆجیك فەلسەفاندن ئەستەمە. ئەمە زۆر گرنگە بۆ ئێمەو خوێندكارانی فەلسەفەو ئەو كەسانەی حەزی فەلسەفییان هەیە، چونكە لۆجیك وەك بناغەیەك وایە بۆ هەموو زانستەكان؛ فەلسەفەش دایكی هەموو زانستەكانە.) (حەفتا چەشمەیی، 2013، ل 12).

هزرو بیركردنەوەی مرۆڤایەتی لە گەشەی بەردەوامدا بووەو گۆڕانكاری سەردا هاتووە، بێگومان هەر گۆڕانێكیش لەژێر كاریگەری یاساكانی بیركردنەوەو كاریگەربوون بە جیهانی دەورووبەر بووە، ئەمەش وایكردووە، قۆناغ دوای قۆناغ بیركردنەوەی مرۆڤ فۆرم و شێوەی جیاواز وەربگرێت، بەڵام ئەم جیاوازیە هەمیشە ڕوو لە ئەرێنی بووەو لە گەشەدا بووە، تا گەیشتووە بەو قۆناغەی یۆنان لە سەدەی شەشەمی زاینی كە بووەتە هۆكاری پەیدابوونی فەلسەفەو تێپەڕاندنی قۆناغەكانی پێش خۆی، بۆیە دەتوانین بڵێین، فەلسەفە، (وەك ئاشكرایە لەلای هەمووان كۆنترین جۆری هۆشیاری كۆمەڵایەتیەو ڕەنگدانەوەی جیهانی دەورووپشتمانە لە مێشكی ئادەمیزاددا، ئەو تیشكدانەوەیەش بەپێی دۆخی خودی و بابەتی هەر سەردەمێك لەو سەردەمانە گۆڕاوەو ئەگۆڕدرێ.) ( عەزیز، 2008، 21). بانگەشەو بەڵگەی بیركردنەوەی فەلسەفەیی بۆ جیاوازبوونی لە شێوازەكانی بیركردنەوەی پێش خۆی ئەوەیە كە ((فەلسەفە جیهانبینیەكی ژیرەكییە، چالاكیەكی تیۆرییە لە ڕێگای بیركردنەوەو سەرنجدانی هۆشیارانەی ڕێبازەكیەوە هەوڵئەدات جەوهەرو راستەقینەی شت نەك ڕواڵەت، دوا هۆ نەك هۆی نزیكی قەومانی شت بزانێ، وەڵامی ئەو پرسیارو كێشانە بدۆزرێتەوە كە لە بەسەرهات و ڕووداوەكانی ژیان دەكەونەوەو وەك گرێ كوێرەو كۆسپ دێنە بەر چاوو یاخود هەر نەبێ وەك پاكانە لێكیان بداتەوە.... فەلسەفە هەوڵیداوە، بۆ ئەم مەبەستە پلەوپایەی ڕەوای عەقڵ و ژیر لە كاروبارە جەوهەرییەكانی ژیان و جیهانبینیدا پتەوو چەسپاو بكات ئەویش بەهۆی ئەو بەڵگانەوە كە بیروبۆچوونی فەلسەفی و ئەنجامی ژیرەكی عەقڵ پشت ڕاست ئەكەنەوەو دەریدەخەن كە لە عەقڵ بەو لاوە بەبێ ئەگەرو گومان

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بمانگەیەنێتە ڕاستی و ڕاستەقینە.) (عەزیز، 2004، ل 9). بەپێی ئەم تێکستە، "چالاكی ژیرەكی، سەرنجدانی هۆشیارانە و سەرنجدانی جەوهەری شت نەك ڕواڵەت، هەروەها ڕۆڵ بەخشین بە ژیری مرۆڤ، خەسڵەتی لۆجیكین و لە هیچ جۆرە شێوازێكی تری بیركردنەوەی پێش فەلسەفە ئەم خەسڵەتانە بوونیان نەبووە، واتا فەلسەفە لە قوڵایی و جەوهەری خۆیدا لۆجیكی هەڵگرتووە. ئەمەش ئەتوانین بە یەكەمین هەنگاوەكانی دەستپێكی فەلسەفە هەر لە تالیسەوە سەرنج بدەین كە تالیس پێیوایە ((ڕووەك و ئاژەڵ لە شێ خۆراك وەردەگرن، بنچینەی شێش ئاوە، جا شت خۆراك لە چی وەربگرێت بە زەرووەرەت لەوەیش دروست دەبێ. پاشان ڕووەك و ئاژەڵ لە شێ پەیدا دەبن، ئەوەتا بەكتریا زیندووەكان تەڕن، شتیش لە هەر شتێك پەیدا ببێ ئەوە لەوە پێكدێت. بگرە خاك لە ئاو پێكدێ و وردە وردە بەسەریدا زاڵ دەبێت وەك لە دەلتای میسڕی و لە ڕووبارەكانی ئەیوینەدا دەبینرێت كە لیتە (الطمي)ساڵ دوای ساڵ كەڵەكە دەبێت، هەرچی لەو دۆخە بەشەكیانەدا دەبینرێت بەسەر زەویشدا بەگشتی دەچەسپێ، چونكە زەویش لە ئاوەوە دەرچووەو بوەتە دیسكێك و سەرئاو كەوتووە، وەك دوورگەیەكی گەورە لە دەریایەكی گەورەدا، ئەو ڕەگەزە خۆراكیانەش پێویستی پێیانە لەو چوار دەورە ناكۆتایە وەردەگرێ، واتا ئاو ئەسڵی شتەكانە.)) ( كرم، 2017، ل 31-32). واتا هەنگاوی یەكەم لە فەلسەفەدا بەوە دەستی پێكردووە، كە جیاواز بێت و دووبارەی هەمان میتۆدو شێوازی بیركردنەوەكانی پێش خۆی نەبێت، بۆ نمونە كاتێك تالیس گوتویەتی بنەمای بوون ئاوە، ئەوە بە واتای ئەوە نایەت كە پێش تالیس ئەو قسیە نەكرابێت، چونكە وەك ئەزانین پێش تالیس لە كولتووری پێش فەلسەفە ئەم قسەیە كراوە، بەڵام جیاوازی تالیس (فەلسەفە) لەگەڵ كولتوورو شێوازەكانی بیركردنەوەی پێش فەلسەفە ئەوەیە، كە تالیس هەوڵیداوە پرۆسەكە بەشێوەیەكی ڕێكوپێك و بە میتۆدەیەكی دروست شیكاریی بكات و بەڵگەی بۆ بهێنێتەوە، كە ئەویش ئەوە بووە تالیس بۆ سەلماندنی بۆچوونەكانی بە میتۆدەیەكی وردو ئەزموونی هەنگاو بە هەنگاو توێژینەوەی كردووە، تا گەیشتووە بەو ئەنجامەی بڵێت بنەمای هەموو شتێك ئاوە ، بەڵام بیركردنەوەكانی پێش فەلسەفە بەبێ ئەزموون و بەشێوەیەكی هەڕەمەكی یان بەشێوەیەك كە بە هیچ پێوەرێك نەیان سەلماندبوو، بەڵكو تەنیا بڕوا (ئیمان)یان پێی هێنابوو، ئەو بۆچوونەیان دەربڕیووە. هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن، كە فەلسەفە ئەو شانازیەی پێبڕاوەو هەنگاوێكی گرنگ و جەوهەری چووەتە پێش هەر شێوازێكی بیركردنەوەی پێش خۆیەوە، لەوەوەیە كە فەلسەفە خاوەنی خەسڵەت و بنەماو میتۆدەیەكی ڕاست و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دروستی لۆجیکیەو بەشێوەیەکی بەڵگەو سەلماندن شیکاری و لێکدانەوەکانی دەکات. لەلایەکی ترەوە ئەکرێت سەرنجی ئەو خاڵە بدرێت، کە فەلسەفە هەوڵیداوە جیاواز بێت لە شێوە بیرکردنەوەکانی پێش خۆی، ئەویش بەوەی کە هەوڵی دامەزراندنی میتۆدەیەکی تۆکمەی داوە، کە بە دوور بێت لە هەست و سۆز، ئەویش میتۆدەی لۆجیکیە، کە پێوەرەکانی هەمیشە ڕاست و دروستن، چونکە پشت ئەستوورە بە بیرکاری، ((بابەتەکانی لۆجیك و بیرکاری ئەگەرچی چەند پێکهاتە و بوونەوەرێکی روخسارەکی پەتین (ئەبستراکتن) و تەنیا هەر لە مێشکدا هەن و بوونیان هەیە بەڵام ئەو ئەنجامانەی لێیان دەکەوێتەوە بە هیچ جۆرێك پەیوەستی کات و جێگا نین بۆیە هەرگیز ناگۆڕێن و لە هەموو کات و شوێنێکدا بایەخی لۆجیکی خۆیان لە دەست نادەن. بە پێچەوانەوە دیاردە دەروونیەکان سروشتی گۆرانی هەمیشەییان پێوە دیارە بۆیە دەبێ لە دەقەری لۆجیك و بیرکاریدا جێگایان بۆ نەکرێتەوە.)) (عەزیز، 2016، ل 175). ئەم خاڵە ئەوە دەگەیەنێت، کە لۆجیك میتۆدەو بنەمایەکی متمانە پێکراوەو جێگای ڕەزامەندی زانایان و فەیلەسوفانە، بۆیە (لۆجیك وەك ئامرازێکی میتۆدەی چالاکی فەلسەفە دانراوە. فەلسەفەش خۆی لە لۆجیك و تیۆری زانیندا کورت کراوەتەوە. تیۆری زانینیش رۆڵی لۆجیکی پراکتیکی و پراکتیزەکردنی پێ سپێردراوە. بەپێی ئەو دەستنیشان کردنەی لق و ناوەرۆکی فەلسەفە و پۆلێنکردنی زانستەکان ئەرکی فەلسەفە جۆرە چالاکیەکی شیکردنەوەی لۆجیکی دەبێت بەم جۆرە: **یەکەم**: ئەو جۆرە ئەرك و چالاکییەی فەلسەفە توندوتۆڵ بە زانستە ئەزموونیەکانەوە پەیوەستە و بە هۆیانەوە پیادە دەکرێ، ئیتر بۆیە دان بەوەدا نانرێ کە فەلسەفە شان بە شان یان لە سەر و زانستە ئەزموونیەکانەوە کایە و پاوان و دەقەری تایبەتی زانینی هەبێ. **دووەم**: ئەرکی فەلسەفە لە چوارچێوەی زانستی ئەزموونیدا بریتیە لە روونکردنەوەی دەستەواژەکان بە هۆی شیکردنەوەی لۆجیکیانە بە تایبەتی تاوتوێکردنی دەستەواژەکان بۆ بەشە دەستەواژەکان (چەمکەکان) ئینجا هەنگاو بە هەنگاو بردنەوە و گێڕانەوەی چەمکەکان بۆ سەر چەمکە بنەرەتییەکان و گێڕانەوەی دەستەواژەکان بۆ سەر دەستەواژە بنچینیەکان کە لێیانەوە کەوتوونەتەوە. عەزیز، 2013، 180-181).

## تەوەری سێیەم: پەیوەندی لۆجیك و زانست

وەکو لە تەوەری یەکەمدا ڕوونمانکردەوە، فەلسەفە بریتیە لە قۆناغێکی هۆشیاریی بیرکردنەوەی مرۆڤ، کە قۆناغەکانی پێش خۆی تێپەڕاندووەو هۆکاریی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ خەسڵەت و بنەمای

لۆجیك، كە شتێكی دانەبڕاوە لە فەلسەفە. ئەم پرۆسەیە تەنیا بەوە نەوەستاوە، بەڵكو دوای ئەوەی فەلسەفە هەنگاوی گەورەتر ئەبڕێت و گۆڕانكاری لە شێوازی ژیان و بیركردنەوەی مرۆڤایەتی دروست دەكات، بوونی پێوەرە فەلسەفەیی و لۆجیكیەكان، هانی مرۆڤ دەدات بۆ داهێنان و دۆزینەوەی زانستی و بەم هۆیەشەوە گۆڕانكاری ڕوویداوە لە ژیانی مرۆڤایەتی، لێرەوە زانست گەشە دەكات و بە قۆناغی دوای فەلسەفە دێتە هەژماركردن، بەڵام زانست شتێك نەبووە بەشێوەیەكی دابڕاو و سەربەخۆ لە فەلسەفە پەیدا ببێ، بەڵكو زانست بیركردنەوەیەكە لە قوڵایی فەلسەفەوە دەردەچێت، هەروەك ئەگوترێت كە سەرەتا هەموو زانستەكان لقێك بوون لە فەلسەفەو فەلسەفە دایكی هەموو زانستەكانە. بەواتا پوختەكەی یان جەوهەرییەكەی (زانست بریتیە لە ئامادەبوونی فۆڕمی شت لە زەیندا، بەم زانستە دەوترێت زانستی وێنایی (تصوری) وەك مانەوەی فۆڕمی هەموو ئەو شتانەی كە ڕۆژانە دەیانبینین لەنێو زەیندا. كەواتە مرۆڤەكان دەربارەی شتەكانی دەرەوەی خۆیان تەنیا زانیاری وێنەییان هەیە، ئایا زانیاری وێنەیی كەسێك بەسە بۆ ئەوەی پێی بوترێت زانست. لە وەڵامدا دەڵێین نەخێر، چونكە گەیشتن بە زانستێكی ڕاست و دروست پێویستی بە بوونی پشت ڕاستكەرەوە هەیە لە دەرەوەی زەین، بە واتایەكی تر وێنەی شتەكانی نێو زەین لەگەڵ ڕووداوی جیهانی دەرەوەی زەین هاوتا بن و لەیەك بچن و بگونجێن لە ڕووی واتاو ناوەرۆكەوە. ئەگەر وابوو ئەوا پێی دەگوترێت زانستی پشت ڕاستكەرەوە (زانستی تضدیقی)) (حەفتا چەشمەیی، 2013، ل 9-10).

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەو ئەلقەیەیە كە بوەتە خاڵی سەرەكی پەیوەندی زانست و فەلسەفە كە بریتیە لە لۆجیك. لێرەدا ئاماژە بەو پەیوەندیە كاریگەری نێوان لۆجیك و زانست دەكەین، چونكە لۆجیك هەر بەوە نەوەستاوە كە لەچوارچێوەی بیركردنەوەی گشتی فەلسەفەدا قەتیس ببێ، بەڵكو لە گەشەی بەردەوام دابووەو بۆ پەیڕەویكردنی بنەماكانی خۆی جیهان و مەیدانی تری دۆزیوەتەوە كە بریتیە لە زانست. هیچ پرۆسەیەكی زانستی لە دەرەوەی پێوەرە لۆجیكیەكان بوونی نیە، بە واتایەكی تر، زانست بریتیە لە ئەنجامی ڕێكوپێك جێبەجێكردنی بنەما لۆجیكیەكان. بۆ پشتڕاستكردنەوەی ئەم بۆچوونەمان ئەتوانین هەنگاوە سەرەتاییەكانی فەلسەفەی سروشتی یۆنان و لەگەڵ دەستپێك و یەكەم فەیلەسوف (تالیس)دا بكەین بە نمونە، كە چۆن بەهۆی میتۆدەیەكی زانستی و فەلسەفەیی هێڵێكی جیاكەرەوەی لەنێوان فەلسەفەو بیركردنەوەكانی پێش فەلسەفەدا كێشاوە. (میتۆدی تالیس زۆر پراكتیكیانەو ئەنجامی تێبینیكردن و ژیانی كردەیی ئەوە لە دەوروبەرێكی سروشتەكیدا بۆ

دۆزینەوەی ئەو پابەندبوون و پەیوەستبوونەی شتەکانەوە بە ئاستە بنەماییەکەیانەوە. سروشتی دەورووبەرو ئەو ژینگە مرۆییەی ئەوی تێدا ژیاوە، کاریگەریان کردۆتە سەر هەستەکانی و ژمارەیەکی زۆر سەرنجی لەسەر سروشتی دەورووبەرو گۆڕانەکانی تۆمار کردوون، پاشانیش هەستاوە لە بیری خۆیدا شیکردنەوەی تیۆری بۆ ئەنجامداون. ئەوەی لە لای تالیس نوێیە ئەوەیە کە توێژینەوەی لەبارەی زۆرینەی کێشە تیۆریەکانەوە کردووە، لەوانەش ماتماتیك بەشێوەیەکی ئەقڵانی و ژێر پەسەندانە.) (سیوەیلی، 2012، ل 25-26).

لێرەدا، سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشین، لە جیهاندیدی فەلسەفەی و لۆجیکی ئەرستۆدا زانست چ جۆرە واتایەکی هەیەو پلەکانی چین، (( ئەرستۆ پێی وایە گەر هەموو زانستەکان بەم شێوە قوچەکییە ڕیزبەند کران، لە لوتکەدا بەیەك زانست کۆتایی دێت، کە لە هەمووان گشتیترە، ئەویش زانستی بوونە (Science Being) بوونی ئەبستراکت، یان بوون وەك ئەوەی کە هەیە (Being as such) یان بوونی پەتی (Pure Being)، ئەو دەبێتە زانستی یەکەم (First Science) بەو مانایەی کە ئەو بەشێوەیەکی لۆژیکی لە هەر زانستێکی دیکەدا گریمانکراوە؛ چونکە ئەستەمە توێژینەوە لەبارەی شتێکەوە بکەیت، هەر چییەك بێت، گەر یەکەم جار سیفەتی بوونی نەبێت.)) (ئیمام، 2015، ل 198). بەم پێیە، ئەرستۆ باسکردن لە زانستی یەکەم پەیوەندیدار دەکات کە بنەمایەکی لۆجیکیەوە کە شتێکی ڕێتێچووە و بنەماکەی لە ژیریی و هزرماندا چەسپیوە.

پەیوەندی نێوان زانست و لۆجیك پتر لە دوای قۆناغی ڕێنیسانسی ئەوروپیەوە ڕووی لە گەشە کرد، چونکە ڕێنیسانسی ئەوروپی گۆڕانکارییەکی فرەو هەمە لایەنەی لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگای ئەوروپایی هێنایە ئاراوە، واتا پێداچوونەوەیەکی جۆری و چەندێتی لە هەموو بوارەکاندا کرا، هەتا پیرۆزترین کەس و بابەتەکان خرانە بەردەم لێکۆڵینەوەو ڕەخنە، لە پەیوەندیدا بەم بابەتەوە ئەتوانین بڵێین: ( لە سەردەمی فرانسیس بیکۆن (1561-1626ز) بە دواوە بۆ لای بابەت و میتۆدەی ئیندەکشن (کە بە عەرەبی ئیستقرا)ی پێدەگوترێت سەرەنج ڕاکێشراوە، ئەو میتۆدەیە دەوروو ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پێشکەوتنی زانستە ئەزموونیەکاندا گێڕاوە، بیکۆن لەو هەوڵە زانستیەیدا -بەپێی سەردەمی خۆی- لە سێ بەرەدا خامەکەی بە پێز و بڕشت بووە:

- سەرنجی بۆ لای کەموکورتیەکانی لۆجیکی ئەرستۆ ڕاکێشاوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- ئەو هەڵانەی دەرخستووە کە مرۆڤ لە ژیانی زانستی و تیۆری و توێژینەوەیدا تێیان دەکەوێت، کە ئەو بە بتی ناو بردوون و لە زمانەوە دەستپێدەکات و بە خێڵ و بازێرو کۆمەڵگادا تێدەپەڕن.
- بنەمای ئیندەکشنی داناوە کە لە زانستە ئەزموونیەکان ( زانستە سروشتیەکان) پەیرەوکراوە. (عەزیز، 2011، ل 11).

بێگومان ئەمە رووپەکی شۆرشی زانستیە لە سەردەمی رێنیسانس کە پشت ئەستوور بووە بە لۆجیك و بیرکاری و وایکردووە، ببێتە هۆکاری لاوازکردن و پاشەکشە پێکردنی کولتووری کڵێسەی مەسیحی چونکە ئەم کولتوورە بۆ ماوەی هەزار ساڵ، کۆنترۆڵی کۆمەڵگایان کردبوو، کە رێگایان بە هیچ جۆرە گۆڕان و پێشکەوتنێك نەدەدا. هەنگاوی یەکەمی رێنسانس بۆ رووبەڕووبوونەوەی فەرمانڕەوایی تاریك و زەبروزەنگی کڵێسە لەو خاڵەدا بوو کە گرنگی زۆریان بە بواری زانستی دا، بانگەشەی ژیانێکی باش و شەرەفمەندانەیان بەهۆی پەیڕەوی کردن لە زانست و بنەماکانی دەکرد. ئەمەش وایکرد بەشێوەیەکی خێراو سەرسوڕهێنەر گۆران لە تەواوی ژیانی مرۆڤایەتیدا رووبدات. هەموو ئەمانە ئەگەڕێتەوە بۆ پەیڕەوییکردن لە بنەماکانی لۆجیك، بەڵام ئەم جارەیان لۆجیکی کلاسیکی نا، -چونکە لۆجیکی کلاسیك خۆشی بەدەر نەبوو لە شەپۆلی ئەو رەخنەیەی بەهۆی شۆڕشی زانستی و رێنسانسەوە سەرئاو کەوت- بەڵکو لۆجیکێك کە نوێکراوەیەو فۆرم و شێوەی جیاوازی هەیە. کە ئەویش لۆجیکی نوێ و بیرکارییە. لێرەوە ئاماژە بەو خاڵە دەکەین، کە پەیوەندی لۆجیك و زانست بەهۆی عەلقەیەکەوەیە ئەویش بیرکارییە، واتا چونکە دواجار لۆجیك و بیرکاری بەیەکەوە پەیوەستن و تەواوکاری یەکترین، لەم رێگایەوە زانست توانیویەتی پشت بە پێوەرە لۆجیکیەکان ببەستێت. (بیرکاری و لۆجیك بە درێژایی مێژوو دوو کایە و دەڤەری لە یەکتری دابراوی توێژینەوەبوون. بیرکاری پەیوەستی زانستە سروشتیەکان بووە. بەڵام لە سەردەمی مۆدێرندا هەردووکیان پەرەیان سەندووە. لۆجیك پتر لە جاران بەلای بیرکاری و بیرکاریش پتر بەلای لۆجیکدا هاتووە. لە ئەنجامی ئەمەدا لە تواناندا نییە لەم سەردەمەدا هێڵێکی دابراندن و لە یەکتری جیاکردنەوە لە نێوان هەردووکیاندا بکێشرێ. بەراستی هەردووکیان یەکن، جیاوازی نێوانیان وەك لاو و پیاوی کامڵ وایە: لۆجیك سەردەمی لاوێتی بیرکارییە، بیرکاریش سەردەمی کامڵ بوونی لۆجیکە) (عەزیز، 2013، ل 95). توندوتۆڵی پەیوەندی نێوان زانست و لۆجیك و بە پشت بەستن بە بیرکاری وایکردووە، زانست بەشێوەیەکی سیستەماتیکی و دروست

بەرەو پێشەوە بچێت، ئەمەش هەلو دەرفەتی ئەوەی بە زانایان بەخشیوە کە بتوانن، خۆیان ڕزگار بکەن لە بڕیاری پێشینەو بێ بنەما، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەهۆی میتۆدی دروستی زانستی پشت ئەستوور بە بیرکاری و لۆجیك، گەیشتوون بەو خاڵەی کە ( زانستی نوێ ئەرکی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە پێشبینی دواڕۆژ بکات و پێشبیانە چاوەڕێی ڕوودانی شت بکات و ئامانجیشی کۆنترۆڵکردنی سروشتە بۆ بەکارهێنانی بۆ سودو قازانجی گشتی. بەڵام ئەوەی بە زانستی سەدەکانی ناوەڕاست ناوبراوەو ناودەبرێ، ئەرك و ئامانجی تری بە تەواوەتی جیاوازی هەبووە: سەرنجدانی سروشت و تێگەیشتنی نەك کۆنترۆڵکردنی، ئامانجەکەشی دانایی و ژیری و تێگەیشتنی نهێنی و واتایی شمەکی دەوروبەرو ژیانی مرۆڤ و بیرۆکەی داهێنان و پەیوەندی بە مرۆڤەوە بووە. (عەزیز، 2019، ل 57). تۆخکردنەوەی پەیوەندی نێوان زانست و لۆجیك بە جۆرێك بووە، ((ڕابەرانی ئەو جیهاندیدە، کە دەکرێ ناو و خەسڵەتی زانینی زانستی پێ ببەخشرێ لەو باوەڕەدابوون بە زانست و ئەو ڕۆڵەی دەیگێڕێ ئەوپەڕی پێداگری و زیادەڕەویان کردووە. تەنانەت وایان داناوە، کە تاکە ڕێگای گەیشتنە ڕاستی ( هەقیقەت)ە و تەنیا هەر بەو ڕێگا زانستیە، پشت ئەستوور بە ڕێبازی ئەزموونی دەکرێ هۆکاری پەیدابوون و سەرئاوکەوتنی دیاردەکە بزانرێ، ئەمەش ڕێگایەکی ڕاست و دروستی دڵنیایی بەخشی گەیشتنە بەختەوەرییە.)). (زکریا، 1988، ص 195.).

خاڵێکی تر کە جێگای سەرنجەو پەیوەستە بەم بابەتەوە ئەوەیە، کە پەیوەندی نێوان زانست و لۆجیك، زۆر بابەتی لە کایەی فەلسەفەدا بەلایەکدا خستووە، کە هەر لە دەستپێکی فەلسەفەوە لە سەدەی شەشەمی پێش زاینەوە جێگای مشتومڕی نێوان ڕەوت و ڕێبازە جیاوازەکانی فەلسەفە بووە، ئەویش بریتیە لە کێشە مێتافیزیکیەکان، ( ئەو ڕۆڵەی کە بە لۆجیکی نوێ سپێردراوە، لەگەڵ ئەو پەیوەندییەی بە زانستەوە هەیبووە تارادەیەك کێشەکانی فەلسەفە و مێتافیزیکی لە ڕوانگەی ئەو ڕێبازەی فەلسەفەوە-یەکلایی کردۆتەوە چونکە:

**یەکەم**: بەهۆی شیکردنەوەی لۆجیکیەوە دەرکەوتووە کە چەند کێشەیەك کە ناوەڕۆك و روخساری ئەزموونیان هەیە دەکرێ پشت ئەستوور بە میتۆدەی زانستە ئەزموونیەکان یەکلایی بکرێنەوە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم**: کێشەی تر هەن کە بەهۆی جۆرێکی تایبەتی بە کارهێنانی زمانەوە کەوتونەتەوە ئەگەر چەمك و دەستەواژەکان بەهۆی شیکردنەوەی لۆجیکی زمان زانستیانە پێناسە و روونبکرێنەوە کێشەکان یەکلایی دەکرێنەوە و وەڵامی پرسیارەکان دەدرێنەوە.

**سێیەم**: جۆرەکەی تر کێشە مێتافیزیکیەکانن، ئەو کێشانە هەندێکیان بە شێوەی پرسیار دێنە بەر چاو و سەختە وەڵام بدرێنەوە، ناشکرێ بە زمانی زانست دەرببردرێن یان بە چەمکی زانستیانە فۆرمۆلە بکرێن و دابرێژرێنەوە .شیکردنەوەی لۆجیکی زمان دەری دەخات کە ئەوانە کێشەی راستەقینە نین بەڵکو زرە کێشەن و ئەو دەستەواژانەش کە دەریان بریون بێ واتان.)) (عەزیز، 2016، 181.).

## تەوەرەی چوارەم: ڕەهەندی مێژوویی لۆجیك پێش ئەرستۆ تالیس

ئەرستۆ تالیس بە ڕابەرو داهێنەری لۆجیك دادەنرێت (ئەگەرچی خۆی وشەی لۆجیکی بەکارنەهێناوە)، بەڵام ئەمە بە واتای ئەوە نیە کە پێش ئەرستۆ بیرکردنەوەو بنەمای لۆجیکی بوونی نەبوو بێت. بەڵکو ئەتوانین بڵێین هەر لەسەرەتاکانی پەیدابوون و چەکەرەکردنی بیرکردنەوەی فەلسەفەیی لە سەدەی شەشەمی پێش زانینیەوە (واتا لە تالیسەوە)، بیرکردنەوەی لۆجیکیش پەیدابووە، بەڵام بە فۆرمێکی جیاوازترو بەشێوەیەکی هەرەمەکی نەك سیستەماتیك. ((ئەو ئەرکە زانستییە، لێکۆڵینەوە، کۆکردنەوە، ڕێکوپێك کردنی ئەو بنەمایانە ( ئەو قانوونانە) ی بیر وەك سەرچاوەکان ئاماژەیان پێداوە و ساغیان کردۆتەوە، بۆ یەکەمجار لەلایەن فەیلەسوفی یۆنانی ئەرستۆوە جێبەجێ کراوە)). (عەزیز، 2016، ل 14).

لەم تەوەرەدا ئاماژە بە ڕۆڵی چەند فەیلەسوفێکی یۆنانی ئەدەین لەم بوارەدا، کە پێش ئەرستۆ ڕۆڵیان هەبووە لە بایەخدان بە بیرکردنەوەی لۆجیکی، کە ئەمانەن:

### یەکەم: هێراکلیتس

یەکێك لەو فەیلەسوفانەی کە بە پێش سوکراتیەکان ناسراون هێراکلیتسە، کە کاریگەری لەسەر ئەفلاتون و ئەرستۆ هەبووەو لەناو لە سەرچاوەکانی مێژووی فەلسەفەدا ((هێراکلیتس بە "تاریك و تەمۆمژاویەکە" ناو دەبرێت، بەڵام ئەو خۆی ڕۆشنکەرەوەیە، ئەو قسە لە رۆشنکەرەوە دەکات، کاتێك هەوڵیداوە بە دەرکەوتنەکەی بخاتە نێو زمانی بیرکردنەوەوە. ڕۆشنکەر دەمێنێ ئەوەندەی ڕووناك

دەکاتەوە، ئێمە ڕووناکیەکەی ڕۆشنکەرەوە ناو دەبەین ئەوەی سەر بە ئەوە، چۆن و لە کوێ دەقەومێ، جێگای ئەگەرو گومان دەبێ. وشەی "ڕووناکی" ئەو واتایە دەگەیەنێ: ڕۆشنکردن، تیشك پرژاندن، درەوشاندن.)) ( هایدیگەر، 2009، ل 112). بەپێی ئەم تێکستەو زۆربەی سەرچاوەکانی بواری مێژووی فەلسەفە هێراکلیتس بە فەیلەسوفێك ئاماژەی بۆ ئەکرێت، کە تێگەیشتن لێی ئاسان نیەو ئەو چەند برگەو تێکستانەشی کە بە دەست توێژەران و خوازیارانی بواری فەلسەفە گەیشتوون، بەهۆی ئاڵۆزو ناڕوونیان چەندین لێکدانەوەی جیاجیان بۆ کراون.

((هیراکلیتس یەکەم بیریارە بە ئاشکرا بانگەشەی گۆڕانێکی بەردەوامی لە بووندا کردبێت. لەو باوەڕەدایە هەموو شتێک لە گۆڕاندایە و دینامیکییە. هیچ شتێک، وەکو خۆی نامێنێتەوە. بۆ نموونە دەڵێت:

**ناتوانیت دووجار پا بخەیتە نێو هەمان ڕووبارەوە**
**چونکە ئاوەکە بەردەوام دەڕوات.(گوتەی 41)**
**خۆر هەموو ڕۆژێک نوێیە.(گوتەی 32)**
**جەنگ خاوەن دەستەڵات و باوکی هەموو شتێکە.**
**هەندێکی کردوە بە خوا و هەندێک بە مرۆڤ،**
**هەندێک کۆیلە و هەندێکیش سەربەست.(گوتەی 95)**.

بەگوێرەی ئەم گوتانە گۆڕان ڕاستەقینەی بوونە و حوکم بەسەر هەموو شتێکدا دەکات و دەیانکات بە هەبوویەکی کاتی. گۆڕان ڕێگە بە هیچ شتێک نادات بەردەوام بمێنێتەوە و خاوەنی ناسنامە یان (خۆیەتی) بێت. ئەم جۆرە گۆڕانەش لە هەرچ جۆرە بوونێکدا سەرهەڵدات لە ئاکامی زۆرانبازی لایەنە ناکۆکەکان و جەنگی نێوانیاندا پەیدا دەبێت، خەسڵەتێکی دیالێکتیکیان پێدەبەخشێت.)) (کەمال، 2010، ل 99).

لەگەڵ ئەوەی کە ڕوونەو حاشای لێناکرێت کە فەلسەفەی هیراکلیتس فەلسەفەی گۆڕانە، کە ئەو پێیوایە هیچ شتێك نیە جێگیر بێ و نەچێتە ژێر کاریگەری یاساکانی گۆڕان، بەڵام ئەبێت ئەو خاڵە لە یاد نەکەین کە ((دەتوانین بڵێین ڕاستەقینە لە فەلسەفەی هێراکلیتسدا یەکێتیە بە جیاوازییەوە، یان یەکێتی جیاوازییەکانە. ئایا ئەم ڕاستەقینەیە چیە؟ ڕاستەقینە، یان بنەڕەتە ئۆنتۆلۆجیەکە،

(لۆگۆس)ە.... هێراکلیتس دەڵێت: "گویّ لە من مەگرەو گویّ لە لۆگۆس بگرە." لۆگۆس بانگەرەو دەبێت گوێی لێبگرین.... لۆگۆس بوونەو بوون لۆگۆسە، چونكە تەنیا بوون دەتوانێت یەكێتی نێوان جیاوازیەکان دابمەزرێنێت، هیچ هەبوویەك ئەم دەستەڵاتەی نیەو هەبوویەکی لە ماتەر بە دەر نابێت بە سەرچاوەی ماتەر)). ( کەمال، 2014، ل 26-27). بێگومان ئەوە ڕوونە کە کاتێك باس لە بنەڕەت و سەرچاوەی وشەی لۆجیك دەکەین، دەگێڕدرێتەوە بۆ وشەی (لۆگۆس)ی یۆنانی، کە بە واتای ژیرو هزر دێت، ئەوەش روونە کە سەرچاوەکانی یاسا لۆجیکیەکان جگە لە ژیرو هزری مرۆڤ شتێکی تر نین، کە بەردەوام لە گۆران و گەشەدان.

ئینجا هەر دەربارەی بابەتی گۆڕان لە فەلسەفەی هێراکلیتسداو لە پەیوەندیدا بە بابەتی لۆجیکەوەو کاریگەری لە دوای خۆی ئەکرێت بابەتەکە بەو جۆرە بخەینەڕوو، ((ئەو گۆڕان و پەیدابوونە بە دوو ڕێگادا دەبێ:-

- **ڕێگای سەرەوە.**
- **ڕێگای بەرەو خوار.**

ئەو دوو ڕێگایە، بەلای ئەو دانایەوە لە کلّپەکردنی ئاگردا بە تەواوەتی بە دەردەکەون و بەرجەستە دەبن. هەموو شتێك ئاگرە، لە ئاگرەوە پەیدابووە، ئاگریش لە هەموو شتێك دەکەوێتەوە. ئەو بۆچوونە پشت راستکردنەوەی بنەمای یەکرەنگی دژەکانە. بوون و نابوون یەك شتن هەموو شتێك، لە یەك کاتدا هەیە و نییە.

ئەو بنەمایە لەلای ئەفلاتوون و ئەرستۆ بایەخی پێدراوە و بە هەند وەرگیراوە، بە تایبەتی لە هەر دوو دیالێکتیکی سەرەو ژووروو بەرەو خواری ئەفلاتووندا. ئەرستۆ لە شاکاری مێتافیزیك و لۆجیکدا ئەوپەڕی سودی لێوەرگرتووە. ئەو بنەمایە، کە لە هێراکلیتس کەوتۆتەوە و ئەرستۆ پەرەی پێداوە و ئینجا سەر لەنویّ لە چوارچێوەی لۆجیکەکەیدا دایڕشتۆتەوە بنەمای هەمەکی گشتی بووە:- بزووتنەوە و گۆڕانی بەردەوام و نەپساوە، کە سەرتاپای بوون و نابوون دەگرنەوە.)) (عەزیز، 2016، ل 23-24).

## دووەم: پارمەنیدس: (540-480 پ.ز)

پارمەندیش بە یەکێك لە فەیلەسوفە گرنگ و کاریگەرەکانی پێش سوکراتیەکان دادەنرێت، کە کاریگەری زۆری لە دوای خۆی هەبووە. بنەمای فەلسەفەی پارمەنیدس بریتیە لە بڕوابوون بە بوون و نەگۆڕان، (بەدیدی ئەو لەگەڵ بووندا نەبوون نیەو بوون یەك شتی پێویستەو هیچی دی بێجگە لە بوون نیە.) (ئەرستۆ، 2008، ل 29-30). لەم بارەیەوە پارمەنیدس لە شیعرە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت:

**(مرۆڤی ژیر دوای یەک ڕێگا دەکەوێت**
**سەربەستانە دەڵێت؛**
**بوون هەیە و نەبوون نیە.**
**ئەمە ڕێگەی گەیشتنە بە ڕاستی.**
**ڕێگەی دیکە بە نەبوونت دەگەیەنێت**
**ئەم ڕێگەیە، من دەڵێم، تیایا نابینیت**
**تۆ ناتوانیت نەبوون بناسیت.**
**ئەمە مەحاڵە و ناگونجێت؛**
**بیرکردنەوە و بوون یەک شتن.)** (Henn, 2003, p 25).

ئەم بۆچوونانەی پارمەنیدس لە پەیوەستکردنەوەیان بە بواری لۆجیك ئەم خاڵانەی خوارەوەی لێدەکەوێتەوە:

**یەکەم**: ئەگەر بابەتەکە بەشێوەیەکی سیمبۆلی دابڕێژینەوە دەڵێین: (A) هەر (A) بوون هەر بوونە، هەروەها (نا A) هەر (نا A)یەو نابوون نابێ و ڕێیتێناچێ هەبێ و هەر دەبێ نابوون بێت.

**دووەم**: ناکرێ و ناگونجێ (A) لە هەمانکاتدا (نا A) ی بێت، واتا ناکرێ بوون و بوونەوەر نابوون و نابوونەوەر بێت.

زینۆنی فێرخوازی پارمەنیدس پتر گەشەی بە بۆچوونەکانی مامۆستاکەی داوەو پێیوابووە: بزووتنەوە و فرەیی و فرە ڕەنگی لە بووندا بوونیان نیە. ئەگەر سەرنج بدەین، لە وردەکانی بۆچوونەکانی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پارمەنیدس و زینۆندا بنەمایەکی پتەوی لۆجیکی بەدیدەکرێت ئەویش بنەمای خۆیەتیە، کە بەشێوەی سیمبۆڵی ڕوونمانکردەوە.

## سێیەم: سوکرات: (470-399 پ.ز)

ڕەنگە زیادەرەویکردن نەبێت ئەگەر بڵێین لە کۆی مێژووی فەلسەفەدا دیارترین فەیلەسوف کە کەم کەس هەیە لایەنی کەم ناوەکەی نەبیستبێ، سوکراتە. سوکرات بەو فەیلەسوفە ئاماژەی بۆ ئەکرێت کە هێڵێکی جیاکەرەوەی لەنێوان سەردەمی خۆی و پێش خۆیدا کێشاوەو ئەو دوو سەردەمەی بە تەواوی لە بواری فەلسەفەدا لەیەکتری جیاکردونەتەوە، (سوکرات بۆ یەکەم جار فەلسەفەی لە ئاسمانەوە هێنایە سەر زەوی، لەناو شارەکان جێگیری کردو تەنانەت هێنایە ناو خانوەکان، هانیدا ئاوڕ لە ژیان و ئاکار، چاکەو خراپە بداتەوە.) (تایلەر، 2018، ل 447).  وەك ئەزانین فەلسەفەی پێش سوکراتی پتر فەلسەفەیەکە بە لێکۆڵینەوە لە بابەتە سروشتیەکان خەریکبوونە، بەڵام هەر وەکو ئەرستۆش لە کتێبی مێتافیزیکدا ئاماژەی بۆ دەکات، (سوکرات خۆی بە کێشە ڕەوشتیەکانەوە ماندوو دەکردو بە دوای پێناسە بنەڕەتە هەمەکیەکان بۆ ڕەوشت نەك سروشت دەگەڕا). (ئەرستۆ، 2008، ل 31).  بێگومان هەموو کێشە ڕەوشتیەکان پەیوەندیان هەیە بە دوو خاڵ ئەوانیش کردارو گوفتاری مرۆڤن، واتا ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارن بە هزرو بیرکردنەوەو لێکدانەوەکانی مرۆڤەوە، ئینجا سوکرات هەوڵیداوە، بۆ هەموو بابەتە ڕەوشتیەکان بنەمایەکی جێگیری قایم دابمەزرێنێت، کە ڕەهەندی هەمەکی هەبێت، ((ئەو هەمەکیانە ڕوو لە کەرەستەی بیرو هزری پەتی ڕووت دەکەن، کەرەستەی هاوردەی هەستەکان دەخەنە لاوە. پەتی و ئەبستراکت جیاکردنەوەی وێنەیە لە بابەتەکە. ئەم پرۆسەیە تەنیا هەر لە مێشکدا دەکرێ. ئەو چالاکیە بریتی بووە، لە ڕوانگەی لۆجیکەوە لە دوورکەوتنەوە لە زمانی ژیانی ڕۆژانە و چوونە نێو جیهانی ڕووتی بیری پەتی و ئەبستراکت، ئەو هزرە ئەبستراکتە پەنا دەباتە بەر زمانی پیت و هێما و سیمبۆڵ ئەمانەش کەرەستەی لۆجیکن. لە شاکاری مێتافیزیکدا مامۆستای یەکەم باسی هەوڵە زانستیەکەی سوکراتی کردووە، کە بەڵگە و پێناسەی خستۆتەوە لە پرۆسەی ئەو چالاکییە زانستیەدا، بە واتای ئەو سەردەمە پرسیارەکە بە ((چی)) دەست پێدەکات، نەك بە (( چۆن )). ((عەزیز، 2016، ل 26). بێگومان ئەم بابەتە لە گفتوگۆکانی سوکراتدا -کە بەشێوەیەکی ڕووبەڕوو و زارەکی لەگەڵ هەموو چین و توێژەکاندا ئەنجامی داون- بەشێوەی میتۆدەی دیالێکتیك ڕەنگیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

داوەتەوە، بەواتایەکی تر ئەتوانین بڵێین ئەو شێوە دیالیکتیکە تۆکمەو لۆجیکی بووە، بۆیە سوکرات بەشێوەیەکی لۆجیکی بەڵگە هێنانەوە ئەتوانێت بڕوا بە بەرامبەرەکەی بهێنێت کە لەسەر هەق نیە یاخود بیرۆکە تێگەیشتنەکانی بۆ بابەتی گفتوگۆ لەسەر کراو هەڵەن. ئەکرێ ئەمە لەقوڵایی ئەو گفتوگۆیانەدا هەستی پێبکرێ کە سوکرات کردوونی، واتا ((لە گفتوگۆکانی سوکراتدا، ئاماژە بەو زانستی تازە باوەی لۆجیك کراوە، کە هەمیشە پێداگری لەوە دەکرد کە پێناسەیەك بۆ شتەکان دابنرێت. هەروەها نامیلکە بچوکەکەی ئەرستۆ دەربارەی (پێناسەکان)، ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە لۆجیکەکەی لەو چاوگەوە شتی هەڵێنجاوە.)) (ویل دیورانت، 2007، ل 66). لەن سۆنگەیەوەو بە واتایەکی گشتی دەکرێت ئەمە بۆ سوکرات تۆمار بکرێت کە ((لۆجیکی وێناندن بۆ یەکەم جار سەرەتا لای سوکرات دەست پێ دەکات، سوکرات هەوڵ دەدات بابەت بگێڕێتەوە بۆ وێناندنێکی گشتی لەوێوە بڕیاری یەکلاکەرەوەی لەسەر بدات، ئەگەر بەوردی سەیری تیۆری زانینی سوکرات بکەین دەبینین ئەو بیریارە لەوێنادنێکی خودیەوە هەڵوێستی وەرگرتووە، لەسەر بڕیاری دەرەکی نەوەستاوە، وەکو ئەوەی بابەت لە جیهانی دەرەکی چۆن خۆی دەردەخات، بەڵکو سوکرات هەوڵی داوە لۆجیکی وێناندن پەیڕەو بکات و لەوێوە بەمانا گشتیەکان بگات، واتا لەباتەوە هەندەکییەکانەوە بەواتا گشتییەکان بگات، هەر لەبەر ئەوەشە ئەم میتۆدەی سوکرات بە هونەری لۆجیکی زمانەوانی داتاشین (تولید) ی ماناکان ناسراوە، واتا هونەری لێهاتووی داتاشین لە ماناسازی، کە سوکرات خۆی لەو بوارەدا لێهاتوو بووە.)) (صالح، 2003، ص 42).

دواتر ئەفلاتون پەیڕەوی میتۆدەکەی کردووەو بنەمای زۆربەی دیالۆگەکانی لەسەر دامەزراندووە، ئەمەش ئەکرێت وەك بنەمایەکی لۆجیکی هەژمار بکرێت.

## ئەنجام

لە ئەنجامدا ئەمانەوێ چەند خالێك بخەینەڕوو کە ڕەنگدانەوەی ناوەرۆکی توێژینەوەکەمانە.

بێگومان بابەتی لۆجیك بابەتێکی زیندووی کایەی هزرو فەلسەفەیەو لە یۆنانەوە سەرەتاکانی چەکەرەیان کردووەو تا ئەمڕۆ بەردەوامی هەیە، بەڵام بە فۆڕم و شێوەی جیاواز. سەرەتاکانی لۆجیك لە یۆنانی کۆندا، هەتا ئەتوانین بڵێین لە دەستپێکی فەلسەفەوە پەیدا دەبێ، بەڵام بە فۆڕمی جیاواز، کە بەردەوام لە گەشەدایە. سەرەتا فەیلەسوفەکانی پێش سوکرات لەلایان ئەم بابەتە سەرەتاکانی

دەردەکەون، بۆ نمونە لای پارمەنیدس و هیراکلیتس، دواتر پتر فراوانی بە خۆیەوە دەبینێت و گەشە دەکات تا دەگات بە سوکرات و ئەفلاتون. بێ گومان دوای ئەوان ئەرستۆ دەبێت بە میراتگری ئەم بوارە دادەنرێت و کۆی فکرەکانی پێش خۆی کۆدەکاتەوەو هەنگاوێکی گرنگ دەنێت و بابەتەکە بەشێوەیەکی زانستی و فەلسەفەیی پوخت ڕێکدەخاتەوە، بەڵام تا ئێرەش وەشەی لۆجیك بەکارنەهاتووەو پتر بە وشەی لۆگۆس گوزارشتی لێکراوە. بەڵام ئەوەی جێی بایەخە ئەرستۆ لە کتێبی ئۆرگانۆندا تەواوی بنەماکان دادەڕێژێت و بابەتەکانی وەکو (کاتیگۆرییەکان، دەستەواژە، شیکردنەوەی یەکەم و دووەم، تۆپیکا، شیعر، پێوانە، وتار) جێگا دەکاتەوەو پوختەیان دەکات. لە دوای ئەرستۆ قوتابیەکانی دێن بابەتەکە پتر ڕێکدەخەن و وشەی لۆجیك بۆ هەموو ئەو بابەتانە دیاری دەکەن. بێگومان ئەم لۆجیکە کاریگەری لە دوای خۆی دروست دەکات و لە زۆر قۆناغدا ستایش دەکرێت و لە هەندێك قۆناغیشدا ڕەخنە. دوای ئەرستۆ یەکەم ڕەخنە لەلایەن ڕەواقیەکانەوە ئاراستەی لۆجیکەکە دەکرێت، بەڵام دواتر لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست بە گونجاندن یان کردنی بە داردەستی ئایین و کڵێسە ستایش دەکرێت. ڕەنگە ئەمە بۆ فەیلەسوفە موسڵمانەکان جیاواز بێت، چونکە ئەوان زانستی ترو فەلسەفییانە تر سەرنجی لۆجیکی ئەرستۆیان داوەو پتر ڕۆڵی شاریح و ستایشکاریان لەم بوارەدا دیووە. هەموو ئەمانە بەیەکەوە هێزێکی بە لۆجیکی ئەرست بەخشیبوو کە وای کردبوو بۆ ماوەی دوو هەزار ساڵ زیاتر ئەرستۆ لەسەر تەختی فەرمان ڕەوایی کایەی ئەکادیمی و ڕۆشنبیری مایەوە. دواتر لەگەڵ ترازان و کەوتنی قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاست و لاوازبوونی کڵێسە هەموو شتێك گۆڕا. هەموو شتێك کەوتە بەر تیری ڕەخنە، کە یەکێك لەو بابەتانە فەلسەفەی ئەرستۆ بەگشتی و لەناویشیدا لۆجیك بوو. هەنگاوەکانی ئەم پرۆسەیەش لەلایەن فرانسیس بیکۆنەوە دەستی پێکردووە. دواتر پریشکی ئاگرەکە زیاتر گەشەی کردووەو لە قۆناغی فەلسەفەی سەردەم و لۆجیکی سەردەمدا بە تەواوی ئاراستەی ڕەخنەکان ڕوو لە لۆجیکی ئەرستۆ بووە. لە لۆجیکی سەردەمدا پشت ئەستوور بە پەرەسەندنی بیرکاری و زانست ئەوە ساغکراوەتەوە کە لۆجیکی روخسارەکی ئەرستۆ بووە بە پشکێك لە مێژووی فەلسەفەو لۆجیك و لەگەڵ گیانی سەردەمی شۆڕشی زانستدا بڕ ناکات و ناگونجێ، بە تایبەتی لە بابەتی پێوانەو زمانی بەکارهاتوو لەم لۆجیکەدا، ئەم پرۆسەیەش پتر ڕابەرانی کۆڕی ڤییەنا بەڕێوەیان بردووە، کەسانی وەکو فرێگەو کارناپ و ڕەسڵ لەم بوارەدا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان دیووە. وەکو جێگرەوەی لۆجیکی ئەرستۆ ئەوان داوای بە سیمبۆڵکردن و نزیککردنەوەی لۆجیکیان لە بابەتی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بیرکاریی کردووە، هەموو ئەمەش لە پێناوی ئەوەی کاروانی زانست ڕوو لە گەشەو پێشکەوتن بکات، کە پێیانوابوو لۆجیکی ئەرستۆ توانای وەرگرتنی ئەو ئەرکەی نیە، ئەویش بەهۆی لاوازی بنەماکانی لە ڕووی زمانی سیمبۆڵیەوە. ئەوەی لە کۆتایدا لەم ململانێیەدا مایەوە ئەوەبوو چیتر بەرگری کارێك لە لۆجیکی ئەرستۆ نەمایەوەو هەمووان لەسەر ئەوە کۆك بوون کە لۆجیکی بیرکاری لەسەر هەقەو هۆکارێکیشە بۆ ئەم گەشە مەزنەی مێژووی مرۆڤایەتی تا ئەمڕۆ بەخۆیەوە دیووە.

## لیستی سەرچاوەکان:

یەکەم: کوردی:

1. امام عبدالفتاح امام، ئەخلاق و سساسەت، وەرگێرانی: شەریف عوسمان، دەزگای موکریانی، هەولێر، 2012.
2. تایلەر (کریستۆفەر چارلس ڤیستۆن) ، مێژووی فەلسەفەی ڕاتلێج، و:سەعید کاکی، دەزگای جەمال عیرفان، سلێمانی، 2018.
3. حەفتا چەشمەیی (پ.د.حەسەن حسین)، لۆجیکی فۆڕماڵ و لۆجیکی هێمایی، بەرێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر، هەولێر، 2013.
4. دیورانت(وێل)، سەربردەی فەلسەفە، و: تاریق کارێزی، دەزگای موکریانی، هەولێر، 2007.
5. سیوەیلی(ڕێبوار) ، فەلسەفەی پێش سوکرات، دەزگای زەریاب، هەولێر، 2012.
6. عبدالجبار (پ.ی.د.نەبیل عبدالحمید) ، فەلسەفە بۆ ئەوکەسەی دەیەوێ، دەزگای ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2010.
7. عەزیز (پ.د. حەمید)، لۆجیك دوێنێ و ئەمڕۆ، دەزگای ئاوێر، هەولێر، 2016.
8. عەزیز (پ.د.حەمید) ، تیۆری زانینی زانستیانە. دەزگای ئایدیا، سلێمانی، 2016.
9. عەزیز (پ.د.حەمید) ، ڕەهەندە فەلسەفیەکانی تیۆری ڕێژەیی ئەنیشتاین، گۆڤاری ڕامان، ژمارە 241، هەولێر، 2017، (ل: 88-94).
10. عەزیز (پ.د.حەمید) ، ڕۆڵی دەستەواژە، گۆڤاری ڕامان ژمارە 185، هەولێر، 2012. ل 87-94.
11. عەزیز (پ.د.حەمید) ، فەلسەفەی نوێ لە ئەوروپا، دەزگای ئاوێر، هەولێر، 2011.
12. عەزیز (پ.د.حەمید) ، لۆجیك لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا، گۆڤاری ڕامان ژمارە 228، هەولێر، 2016، ل 119-127.
13. عەزیز (پ.د.حەمید) فەلسەفەی سەدەکانی ناوەراست، دەزگای ئاوێر، هەولێر. 2013.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

14. عەزیز (پ.د.حەمید) فەلسەفەی مۆنادو بەهرەی ڕەبانی گۆتفرید ڤیلهێلم لایبنیتس، گۆڤاری ڕامان ژمارە 160، هەولێر، 2010، (ل 79-93).
15. عەزیز (پ.د.حەمید) لۆجیکی نوێ، گۆڤاری ڕامان ژمارە 162، هەولێر، 2010. (ل 89-104).
16. عەزیز (پ.د.حەمید)، بنەڕەتەکانی فەلسەفە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2004.
17. عەزیز، (پ.د.حەمید) ڕۆدۆڵف کارناپ شیکردنەوەی لۆجیکی زمان، گۆڤاری ڕامان ژمارە 182، هەولێر، 2012.
18. عەزیز، (پ.د.حەمید) لۆجیکی ئەرستۆ، دەزگای موکریانی، هەولێر، 2009.
19. عەزیز، (پ.د.حەمید)، سەرەتایەك لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، دەزگای ئاوێر، هەولێر، 2008.
20. عەزیز، (پ.د.حەمید)، فەلسەفەی سەردەم لە ئەوروپا، دەزگای ئاوێر، هەولێر، 2013.
21. عەزیز، (پ.د.حەمید)، یوهانس دونز سکوتس دابڕینی لاهوت لە فەلسەفە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە 149، هەولێر، 2009، (ل: 96-105).
22. عەزیز، (پ.د.حەمید) فەلسەفەی زانستی کەلام، دەزگای موکریانی، هەولێر، 2013.
23. فۆرفۆریوس، ئیساگۆگی: دەروازەیەکی چەمکەکانی لۆجیکی ئەرستۆ، و:پ.د.حەمید عەزیز، گۆڤاری ڕامان، ژمارە 153، هەولێر، 2010، (ل 98-109).
24. کامل (مجدی)، ئیبن روشد، وسەعید بەشیر مستەفا، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، 2015.
25. کەمال (د.محەمەد) ، فەلسەفەی بوون، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2014.
26. کەمال (د.محەمەد) ، فەلسەفەی ئەفلاتون، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2010.
27. کەمال (د.محەمەد) ، لە جەوهەرەوە بۆ بوون "فەلسەفەی مەلا سەدراو مارتن هایدیگەر" ، وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە: پشتیوان مەنسور، دەزگای ڕەهەند، سلێمانی، 2020.
28. کەمال (د.محەمەد) ، لۆجیکی هیگڵ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2016.
29. کەمال (د.محەمەد) ، مێتافیزیکی ئەرستۆ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2016.
30. کەمال (د.محەمەد) ، ئەفلاتونیزمی نوێ، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2019.
31. هایدیگەر (مارتن) ، ئەلیتیا: هێراکلیتس (برگەی شازدە)، و:پ.د.حەمید عەزیز، گۆڤاری ڕامان، ژمارە 147، هەولێر، 2009، ل 111-125.
32. ئەبو زێد (نەسر حامد)، ئاراستەی عەقڵانی بۆ تەفسیر –توێژینەوەیەکە لەبارەی پرسی مەجار لە قورئاندا لەلای موعتەزیلە- و: سەرحەد ئەحمد، دەزگای فێربوون، هەولێر، 2018.

33. ئەرستۆ، کاتیگۆریەکان، و:د.محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2009.
34. ئەرستۆ، مێتافیزیك، و:د.محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2008.
35. ئیبن ڕوشد، فەسلول مەقال، و:مەریوان عەبدول، دەزگای ئەندێشە، سلێمانی، 2012.
36. ئیمام (ئیمام عبدول فتاح) ، دەروازەیەك بۆ مێتافیزیکا، و: هۆشمەن جەلال، دەزگای غەزەلنوس، 2015، سلێمانی.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی:**

1. ارسطو طالس، الاخلاق الى نيكوماخوس، ونقله الى العربية: احمد لطفى السيد، مطبعة دارالكتب المصرية بالقاهرة, 1924.
2. بدوى، (عبد الرحمن) ، الموسوعة الفلسفية ج 2، 1980.
3. حسن بشير صالح، علاقة المنطق باللغة عند فلاسفة المسلمين، دار الوفاء لدنيا الطباعة، الإسكندرية الطبعة: الأولى , 2003.
4. صليبا (جميل)، 1982 ( المعجم الفلسفي، بيروت :دار الكتاب اللبنانية.

## The Basics of Formal Logics (Aristoteles as Example)

**Dr. Hamid Aziz**
Department of Philosophy, College of Art, Salahuddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Rediyarabdulrehman@gmail.com

**Keywords:** *Logic, Basics of Formal Logics, Symbols, Philosophy, Classical Logic*

## Abstract

Our study of Aristotle's formal logic consists of an introduction, four chapters, and a conclusion, which we tried to make a way for the subject in the first place and explain the different sides and then we called the content of the subject according to the following sections:

We have dedicated the first part to the meaning and main meaning of logical existence that has started in four parts In the first place, we have discussed the

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

meanings and some logic words and we have explained some different things In the second round, we tried to discuss the relationship between logic and philosophy and counted logic as a major and uncut part of Philosophy. In the third round, we discussed the relationship between logic and science, and we explained the differences of different opinions. In the fourth round, we focused on historical issues and we discussed their views and mentality about logic.

We have dedicated the second part to the subject's place, which is the logic of Aristotle's face, which consists of five years. In the first round, the words and types of words have been discussed and the differences have been explained, and in the second round we have looked at the subject of the category, we have analyzed the other types of the categories and have given them samples.

## أساسيات المنطق الرسمي (أرسطو كمثال)

**الملخص**

تتكون دراستنا لمنطق أرسطو الصوري من مقدمة فهو جزء من مهنة ويتكون من أربعة أنواع ونتيجة لذلك ، ، حاولنا أن نشقها للموضوع في المقام الأول وشرح الجوانب المختلفة ثم أطلقنا عليها محتوى الموضوع وفقًا لما يلي الأقسام:

لقد خصصنا الجزء الأول للمعنى والمعنى الأساسي للوجود المنطقي الذي بدأ في أربعة أجزاء. أولاً ، ناقشنا المعاني وبعض الكلمات المنطقية وشرحنا بعض الأشياء المختلفة في الجولة الثانية ، حاولنا مناقشة العلاقة بين المنطق والفلسفة والمنطق المحسوب كجزء رئيسي وغير مقطوع من الفلسفة. في الجولة الثالثة ، ناقشنا العلاقة بين المنطق والعلم ، وشرحنا الاختلافات في الآراء المختلفة. في أنواع الرابعة ، ركزنا على القضايا التاريخية وناقشنا وجهات نظرهم وعقلياتهم حول المنطق.

لقد كرسنا الجزء الثاني لموضوع ، وهو منطق وجه أرسطو الذي يتكون من خمس سنوات. في أنواع الأولى تمت مناقشة الكلمات وأنواع الكلمات وشرح الاختلافات ، وفي الجولة الثانية نظرنا في موضوع الفئة ، وقمنا بتحليل الأنواع الأخرى من الفئات وأعطيناهم عينات . في الجولة الثالثة ، ناقشنا موضوع ابننا الذي استمر خمسة أيام وحاولنا العودة إلى موضوع الدرجة الأولى هذا إلى Isagog Forforius نفسه وأخذناه كمثال. في الجولة الرابعة ، ناقشنا موضوع "لقد ناقشنا القياسات" وقمنا بتحليل أنواع مختلفة من الأشياء كعينات. في الجولة الخامسة ، تحدثنا عن مبادئ التفكير ، وشرحنا جميع الأنواع الثلاثة الأساسية على نار هادئة ، وأعطيناهم عينات. في الجزء الثالث شرحنا منطقنا ومعانينا بعد القصة المكونة من ثلاثة أشياء ، في الجزء الأول قدمنا رأي الموقف.